# راپۆرتی ڕێپێوانی کوردەکانی دانیشتوی فینلاند

# بۆ پشتیوانی کردن لە خەڵکی مهاباد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 23-07-05 بە بانگەوازی کومیتەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆپێشاندان و ڕێپێوانێک یان بۆپشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و دژ بە سیاسەتەکانی سەرکوت و داپلۆسینی کۆماری ئیسلامی، لە شاری هێلسینکی ڕێکخرا. ڕێپێوانەکە لە کات ژومێری 13.00 بە دروژم دان و ڕێپێوان لە مێترۆی کولوسارییەوە دەستی پێکرد و تا بەر دەرگای بالوێزخانەی کۆماری ئیسلامی درێژەی هەبوو. لەبەر دەرگای بالوێزخانەکە سرودی ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدان لە لایان خۆپێشاندەرەکانەوە کە زیاتر لە سەد کەس دەبوون، خوێندرایەوە. پاشان خۆپێشاندەرەکان دەستیان کرد بە شوعاردان دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران و کردەوە دڕندەکانییان بە گشتی لە کوردستان و بە تایبەتی لەم چەند ڕۆژەی ڕابوردو لە شاری مەهاباددا مەحکوم کرد. لەوانە کە بە سێ زمانی کوردی، فارسی و فینلاندی دەکوترانەوە بریتی بوون لە: سیاسەتی سەرکوتی ڕژێم لە مەهاباد مەحکومە/ هاورێم شوانە ڕێگات ڕێگای هەموومانە/ دوژمن خەیاڵت خاوە کورد هەمووی شوانەیە/ زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێن/مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران/ ڕژێمی ئێران تێرۆریست پەروەرە و هتد. لە کاتی تەواو بوونی خۆپێشاندانەکەدا بەرپرسانی هەر دو حیزبەکە هەر یەک وتارێکی کورتیان پێشکەشی ئامادە بووان کرد کە سوور بون لە سەر گرینگ بوونی پشتیوانی کردنی کوردەکان و ئازادیخوازانی ئێرانی لە خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی مەهاباد و هەروەها خوازیاری یەکگرتوویی ڕیزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بوون. لە دوای ڕێپێوانەکەدا بڕیارنامەی ڕێپێوانەکە بە دو زمانی کوردی و فارسی خوێندرایەوە کە تێیدا وێرای مەحکوم کردنی ئەشکەنجە و کوشتنی شوانەی سەید قادر، هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەکەی و خەڵکی شۆڕشگێری مەهابادیش دەربرابوو، هەروەها سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان مەحکوم کرا و خوازیاری:

ئێمە بەشدارانی ڕێپێوانی 23.7.2005 لە شاری هێلسینکی - فینلاند، وێرای هاودەردی لە گەڵبنەماڵەی شەهید شوانە سەید قادر و هەموو کەس و کاری زیان وێکەوتووەکان لە هەفتەکانی ڕابردوودا، هێرشی وەحشیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و سەرکوتی بزاڤی مەدەنی خەڵک لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی ئاخوندی بە توندی مەحکووم دەکەین و داواکاری:

1. کۆتایی هێنانی دەست بەجێی حکومت نیزامی و هەروەها کۆتایی هێنان بە گرتن و زیندانی خەڵک و خوازیاری ئازادی بێ مەرجی هەموو ئەو کەسانەن کە دەستگیر کراون
2. کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجە و ئازاری دەسگیرکراوەکان

3. قەدەغە کردن و پێشگیری لە گرتن و ئەشکەنجەی بریندارەکان
4. ڕەخساندنی دەرمان و نەخۆشخانە بۆ بریندارەکان
5. لێکۆلینەوە و ناساندنی بەڕێوەبەرانی جینایەتی 18ی پووشپەر و دادگایی کردن و سزادانی هەموو ئەو کەسانەین کە بوونە هۆی خوڵقاندنی جینایەت لە شاری مەهاباد.


کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کومیتەی فینلاند

E . mail : Komala.fin@gmail.com


- وێنەی خۆپێشاندەران لە بەر بالوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئیران






سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی ایران


REGIME
TERRORIST

